# مەولەوی و خانەقای شێخە نەقشبەندییەکان

حەکیم مەلا ساڵح



خوا یار مامۆستا عەبدولکەریم مودەریس، چ لە دیوانی مـــەولەوی و چ لە بەرگی دووەمی(یادی مەردان)دا ئەوەی لەلا سەلماندووین کە شاعیری ئەم باسەمان بۆ یەکەمجار لە تەمەنی فەقێتیدا دڵبەندی شێخ عوسمانی سیراجەدین نەقشبەندی بووەو لە دەستی ئەودا ئادابی تەریقەتی وەرگرتووە.

شێخی سیراجەدین لە قوتابییە هەرە زیرەکەکانی(مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بووە کە لەژێر دەستی ئەودا هەم زانستە ئیسلامییەکانی خوێندووەو هەم بووەتە خەلیفەو جێگەداری ئەو بڵندپایەیە.

پاش ئەوەی لەناو شاری سلێمانیدا کێشەیەک لەنێوان تەریقەتی(قادری)و(نەقشبەندی)دا دروست دەبێ، لەڕووی ناچارییەوە مەولانا خالید سلێمانی بەجێدێڵێ و روو لە وڵاتی(شام) دەکات. بەم بەجێهێشتنەشی ئاوا دەکات بەسەر

ئەو گرێ ناکۆکییەدا کە لەوەدابوو جۆگەلەی خوێنی لێدا هەڵببەسترێ(١).

مەولانا پێش ئەوەی ڕێگەی کۆچ بگرێتەبەر دووکەس بەخەلیفەی گەورە دیاری دەکات کە یەکەمیان شێخی سیراجەدین بووەو دووەم(سەیید عەبدولحەکیمی گەوەنتو)(٢).

ئەم دوو زاتەش یەکەمیان دێتە گوندی(تەوێڵە)و دووەمیان دەچێتەوە گوندی(گەوەنتو)و لەسەر ڕێبازی(نەقشبەندی) دەست دەکەن بە ئیرشادو ڕێنوێنی خەڵک.

کاتێ کە خانەقای تەوێڵە دەبێتە مەکۆیی شەریعەت و تەریقەت، مەولەوی لە گەرمەی خوێندنی فەقێیەتیدا دەبێت و بەنیازی پابەندبوون بەتەریقەتەوە ڕوو لەو خانەقایە دەکات و دەبێتە موریدی شێخی سیراجەدین، چونکە لە دیدی مەولەوییەوە شێخی ناوبراو(موراد)و یا(عارفێکی)(٣) کەم وێنەبووە. ئەم ڕاستییەش لە شیعرەکانیدا دیارە، بەتایبەتی لەو پارچە شیعرەیدا کە شێخی سیراجەدین نامەی بۆ نووسیوەو گلەیی لێکردووە کە بۆچی سەردانی ناکات. مەولەویش بەشیعرێکی هەرەبەرز وەڵامی نامەکەی دەداتەوەو لە نۆ بەیتی سەرەتای شیعرەکەدا(موراد) یاخۆ(عاریف)یەتی شێخەکەی دەخاتەڕوو و دانی پێدا دەنێت. هەروەکو نووسیویە:

**شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدیی**
**باگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدلی**
**جەشەو هەوارگەی فەناو پەردە**
**(متصف) بەوەسف شەئنی و سیفاتیی**
**(مشرف) بەفەیز تەجەللای زاتیی**
**خەلیفەی سەدای«دادن» شنەفتە**
**واسیتەی ڕاگەی بەینی عیلم و عەین**
**ساحێب جەناحەین یەعنی«ذی النورین»**
**پیری پاک جەگەر خاکی«ناسووتیی»**
**مەنزڵگەی سەربەرز سەر«مەلەکوتیی»**
**دڵ وەنەوای بەزم«جەبەرووت» ئاوا**
**سێراوی سەروا«لاهوتیی» ماوا**
**[جسمگ لدینت، روحا لدیه]**
**بێ(تەلوین) نەسای تەمکین دا مەکین**
**[روح الله روحه امین(٤)**

جا شێخێک کە لەم بەیتانەدا پایەی بەرزی شێخێتی دیاریکراوەو بۆتە(موراد)، دیارە دەبێ مەولەوی لە خانەقاکەیدا ببێتە(مورید).

ئەم موریدبوونەش پێی شاعیر لەو خانەقایە گیردەکات و بەبەردەوامی هاتوچۆی دەکات. ئا لێرەوە دێینە سەرئەوەی کە بپرسین: مەولەوی لەڕووی هونەری و ئیستەتێکی شیعرەوە چیی لە خانەقا دەستکەوت؟. لە وەڵامدا دەبێ بڵێین:

**یەکەم:** لەو خانەقایەدا کتێبخانەیەکی دەستنووسی تاڕادەیەک گەورەی تێدا بووە کە ئەم شاعیرە سەری تێکردوون و سوودی گەورەی لێوەرگرتوون، بەتایبەتی دەستنووسی شیعرەکانی(مەولانا جەلالەدین ڕۆمی)و(حافزی شیرازی)و(سەعدی شیرازی)و(عەتاری نەیشاپووری) کە لەڕووی شیعری سۆفیگەرییەوە نموونەی شیعری باڵاو جوانیان تێدا بووەو بوونەتە یەکێک لەو سەرچاوانەی مەولەوی بیری سۆفیانەی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە، هەروەها هونەری بەرزی شیعری لێوەرگرتوون کە هەندێکیان دەبینین لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

**دووەم:** هەر لەو خانەقایەدا دەبێتە هاوڕێ و دۆستی گەلێ زاناو شاعیری گەورە، بەتایبەتی(مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی، مەلا عوسمانی فائیق و مەلا حامیدی بێسارانی) کە

لەگەڵ پلەی بەرزی خوێندەواریاندا شاعیری باش و سەركەوتووش بوونە. یەكەمیان، كۆمەڵێ شیعری بەهەورامی گوتراوی لەپاش بەجێماوە كە بەداخەوە تا ئێستا لە شێوەی دیواندا چاپ نەكراون، بەڵام دەنگوڕەنگی شاعیرێكی باشیان پێوە دیارە. دووەمیشیان، لە لایەن دكتۆر ئەمین موتابچییەوە دیوانەكەی رووی چاپی دیوەو شاعیرێكی بە بەهرەی قوتابخانەی بابانە. سێیەمیشیان، دیوانی چاپكراوی نییە، بەڵام مامۆستا مەلا عەبدولكەریم هەندێ شیعری بەفارسی گوتراوی لە بەرگی دووەمی(یادی مەردان)دا لێ بڵاوكردۆتەوە. دیارە بەهاوڕێ و هاودەمبوونی ئەم كەسانە بێ كاریگەر نەبووە، چ بەشێوەی ئەوەی شیعریان بۆ یەكتر خوێندبێتەوەو باس و خواسیان لەسەر كردبێت، چ بەشێوەی ئەوەی خۆیان سەرگەرم كردووە بەشیعری شاعیرانی دیكەی كوردو فارس و عەرەبەوە، كە ئەمانەش دەرگای بیرو هزر والاو والاتر دەكەن.

**سێیەم**: هەر لەو خانەقایەدا ئاشنایەتی تەواوی لەگەڵ شیعرە فارسییە دەستنووسەكانی مەولانا خالیددا پەیدا دەكات، كە ئەم شیعرانەش بەپێوانەی هونەر دارماڵن لە ئیستەتێكاو زەوقی شیعریی تێیاندا سەرشارەو لە شانی شیعرە باشەكانی شاعیرانی فارسدا دەوەستن.

**چوارەم**: شاعیرمان لە خانەقاو لە رێگەی خوێندنەوەی ئەو شیعرانەوە فێری هەندێ رموزاتی شیعریی بووە كە بەپێوانەی دینی ئیسلام حەرامن. وەكو دانانی(ساقی) لە جێگەی(خوادا)،(مەی) لە جێگەی(ئیمان و باوەڕ)،(مەیكەدە یا مەیخانە) لە جێگەی(مزگەوت و خانەقا).. بەڵام لە شیعری عاریف و سۆفییەكاندا رەوابوونیان پێدراوە، چونكە مەبەستیان(رواڵەت)ی وشەكان نییە، بەڵكو مەبەستیان واتای وشەكانەو ئەمەش مێژوویەكی دوورودرێژی هەیە.

**پێنجەم**: شاعیرمان شیعری جوانی لەچەند بابەتێكی دیكەدا هەیە، وەكو(نامەی شیعریی، بۆ سروشت، لاواندنەوە، دەربڕینی دەردی دڵ، عاشقانە...) ئەم شیعرانەش هەموو لەوپەڕی بەرزێتیدان و لە جوگرافیای هونەردا ئۆڵكەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا خانەقا تەرزێ شیعری دیكەی بەمەولەوی فێركرد، كە ئەویش شیعری سۆفییانەیەو ئەم شیعرانەیش گەلێ باڵا زراڤن و تا دەست هەڵبڕی هونەریان تێدایە، واتە ئەگەر خانەقا نەبوایە ئەوا هەرگیز بەوشێوە جوانە ئەو چەپكە شیعرە سۆفییە بەرزانە لە دیوانەكەیدا نەدەبوون.

**شەشەم**: شێخەكانی خانەقا كاتێ كە بۆیان دەركەوتووە مەولەوی هێندە مەلەوانێكی كارامەی ناو دەریای شیعرە، زۆر پشتگیرییان لێكردووەو هانیان داوە كە بەرهەمی وەكو(الفضیلە)و(عەقیدە مەرضیە) بنووسێت، ئەمەش خەڵاتێكی دیكەی خانەقایە بۆ ئەم شاعیرە غەرڕایە.

**حەوتەم**: هەر لە خانەقاداو لە سەردەمی شێخایەتی(شێخ محەمەد بەهائەدین)ی كوڕی شێخ سیراجەدیندا دەبێتە دۆستێكی راستەقینەو بێگەردی شاعیرێكی گەورەی وەكو(مەحوی). دیارە لەگەڵ ئەم شاعیرەشدا بەدەیان جار شیعریان بۆ یەكتر خوێندۆتەوەو هەڵسەنگاندنیان لەسەر شیعری یەكدی هەبووە. خۆ ناكرێ بڵێین دوو شاعیری ئاوا بلیمەتی موریدی شێخێك شیعریان بۆ یەكدی نەخوێندبێتەوەو قسەیان لەسەر نەكردبێت!.

**هەشتەم**: خانەقای تەوێڵە بەهۆی شێخەكانییەوە كە زۆر دڵبەندی شەریعەت و تەریقەت بوونەو هەمووشیان دەستی شیعریان هەبووە، خەڵكانێكی

زۆر لە مەلاو زاناو شاعیری خانەقاکەیان کردۆتە بارەگای خۆیان، مەولەویش کە بۆتە دۆست و هاوڕێ و هاودەمی ئەوانە پەنجەرەیەکی دیکەی زانست و شیعری بەڕوودا کراوەتەوە. تەنانەت مەلای باش لە خانەقادا ژیاون کە بەڕەگەز کورد نەبوونەو خەڵکی(تالش)ی باکووری ئێران و وڵاتی(داغستان) بوونە. خۆ ئەم زاتانە ئەگەر فێری کوردیش نەبووبن ئەوا بەزمانی فارسی دواون، کە ئەم زمانەش بۆ کەسێکی وەکو مەولەوی زۆر ئاسان بووە. ئاسانبوون و زاڵبوونی مەولەوی بەسەر زمانی فارسیدا بە(الفوائع)ەکەیدا دیارو بەرچاوە. ناسینی(تالشی)و(داغستانی)و ژیانیان لە خانەقایەکدا بۆ مەولەوی بەهرەیەکی دیکە بووە، چونکە ئەم دوو زاتە ئەگەرچی تا ئێستا شیعریان دیارنییە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان حەتمەن بەباشی سەریان لە شیعر دەرکردووە، چونکە لە پلەی خوێندنی خۆیاندا(بەلاغە)یان خوێندووە کە بەوردی راڤە لەسەر هونەری شیعر دەکات.

**نۆیەم**: مەولەوی دوای وەفاتی شێخی سیراجەدین دەبێتە موریدی(شێخ محەمەد بەهائەدینی) کوڕە گەورەی شێخی سیراجەدین، هەروەها دڵیشی لای(شێخی زیائەدین)و(شێخ ئەحمەد) بووە کە کوڕی سێیەم و چوارەمی شێخ بوونە، ئەمانیش شیعری نایابیان لەپاش بەجێماوە، بۆیە هەم لەڕووی تەسەووفەوەو هەم لەڕووی شیعرەوە(مەولەوی)یان چووە بەدڵدا، ئەمەش بەخشیشێکی دیکەی خانەقا بووە بۆ ئەم شاعیرەمان کە وای لێ بکات تا دوا ساڵەکانی تەمەنی لە برەوپێدانی شیعر دابێت و هونەری بەرزو بەرجەستە پێشکەش بەئەدەبی کوردی بکات.

دەیەم: شاعیرمان لە خانەقادا بەوردی سەر لە فەلسەفەی(عیرفانی شەرقی) دەردەکات، کە بناخەکەی لەسەر(وحده الوجود) دانراوە. ئەم فەلسەفەیەش لە رۆژهەڵاتدا مێژوویەکی دێرینی هەیەو دەچێتەوە سەر(بودایيەت)و(زەردەشتییەت) کە گەلێ شاعیری گەورەی لەبەردەم پرشنگی خۆیدا دروستکردووە، وەکو(مەولانای رۆمی)، (حافیزی شیرازی)، (مەلای جزیری)، (مەحوی)و(شێخی زیائەدین-فەوزی)وهتد... ئەمە لە فەلسەفە ئیسلامییەکە جیاوازە کە شاعیرانی وەکو(حەسسان کوڕی سابت)ی عەرەب و(حەمدی ساحێب قران)ی لای خۆمانی پێ پەروەردەکراوە. ئەوەی من تا ئێستا بۆی چووبم - نازانم لەمەولا چۆن دەبێت- مەولەوی تەنیا شیعرێکی بە فەلسەفەی ئیسلامییانە هەیە، ئەویش ئەم شیعرەیە کە بەم بەیتە دەستپێدەکات:

**ئەی گرد مەوجوودێ جەتۆگرت مایە**
**مەوجوود هەر تۆنی ماسیواسایە.**(٥)

ئیتر شیعرە سۆفیگەرایییەکانی دیکەی باکگراوندەکەیان فەلسەفەی یەکەمە کە باسمان کرد جا هەریەکێک لەم دوو فەلسەفەیە لای هەر شاعیرێ بن شیعری بەرز دەخوڵقێنن. با واز لە شیعری بریق و باق بێنین و بچینەوە سەر ئەو شیعرانەی کە پشتیان بە فەلسەفە بەستووە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر شیعرێ باکگراوندەکەی فەلسەفە بێت، ئەوا شیعرێکی قووڵترو هونەریترە، واتە لەو چەشنە شیعرانەن کە لە بورجێکی بەرزدا خۆیان گرتووەو خوێنەری ورياو هۆشیاریيان دەوێت کە پلە بەپلە سەرکەوێت تا دەستی پێیان دەگات. واتە هەرگیز شیعری فەلسەفی یا پشبەستوو بەفەلسەفە ئەوەندە ئاسان و سانا نین کە بەیەک جار خوێندنەوەیان تێر بخۆیت و مڕ ببێت، بەڵکو هەر جارەو بەشێوەیەک

لە شـێـوەكـانی خـوێندنەوەیان، هونەرو زەوق و سەلیقەی دیكەت دێتە بەردەست، بەڵام شیعرێ با زۆر جوانیش بێت كـە فـەلسـەفـەی لەپشت نەبوو ئەوە دەچێـتـە خـانەی (سەهلی مومـتـەنیع)ەوە، ئاسان و سانا یەكجار خوێندنەوەیان بەسەو بەس. زۆر شیـعـری كۆن و نوێی لەم بابەتەمـان هەیە كـە چوونەتە ئەرشـیـفـەوەو لێی خـەوتوون، بەڵام ئایا شـیـعـری شـاعـیـرێكی وەكـو مـەولەوی دەچێـتـە ئەرشـیـفـەوەو گـەردی رۆژگـاری لەڕوو بنیـشێ؟ لە وەڵامـدا دەبێ بڵـێین نەخـێـر، چونكە مـەولەوی بەلووتكەی(سـیـحری بەیان)و(حیكمـەتی شیعـر) گەیشتووە.

**یازدەهەم:** بەبۆنەی پابەندبوونی شـاعـیـر بەخـانەقـای تەوێڵـەوە ئاشنایەتی لەگـەڵ چەند خـانەقـایەكی دیكەدا پەیدا دەكـات و ڕێی هاتوچۆیان دەگـرێـتـەبەر، ئەو خـانەقـانەش وەكـو(خـانەقـای سلێـمـانی- كـاك ئەحـمـەدی شێخ).(خانەقای كەركووك- شێخ عەبدوڕحمانی خالسی تاڵەبانی)،(خانەقـای گـەوەنتو- سەیید عەبدوحەكیـمی گەوەنتویی)(خانەقای شاكەل- نزیک كفری) دیارە لە كۆڕی زانایان و شێخان و شـاعـیـرانی ئەم خـانەقـایانەشدا بەهرەی دیكەی وەرگـرتووەو چاوی بەدنیـاو خـانەقـای دیكەدا كراوەتەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین كە هەر خانەقایەک و مـزگـەوتێكی بەنـاوی ئەو سـەردەمـە زانكۆیەک بوون بۆ خـۆیان و كـەسی زیرەک و لێـهـاتوو توانیـویەتی سـوودو بەهرەی تەواوی شـەریعـەت و تەریقـەتیـان لێ وەربگرێت، كـە مـەولەوی یەكـێک بووە لە خـوێندكـارێكی وریای ئەم زانكۆیانەو ئەمەش بەپلەی زانست و شیعرەكانیدا دیارە.

**دوازدەهەم:** بەبڕیاری شـێـخی سـیـراجـەدین، مـەولەوی لە خـانەقـادا پلەی بەرزدەبێـتـەوە بۆ ئاستێكی بەرزتر كە بریتییە لەوەی دەبێتە ڕێنوێن و مامۆستاو سەرپەرشتیاری خانەقاو كوڕانی شێخ.

شێخ لە یەكێک لە نامـەكانیـدا كە بەمـەبەستی ڕوونكردنەوەی ئامانجەكانی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ هەمـوو زانایان و گـەورەپیـاوان و مـوسڵـمـانانی سەردەمی خۆی نووسیویەتی، تێیدا دەڵێت:

(جـەنابی زانای ڕەببـانی، گـەوهەری خـاوێنی زانستەكان و مەعانی، ئەستێرەی بورجی سەییدی، هەسارەی ئاسمـانی بەختـەوەری، ڕێبـواری ڕێگەی ڕاست، مـەولەوی عـەبدولڕەحیم ڕادەسـپـێـرین و فەرمان و ئاماژەی پێدەكەین كە لەمەولا لە فەرمان بەچاكـەو توخننەكـەوتنی خـراپەو هەروەها بەجێـهـێنانی زیكرە كارپێكراوەكانی ئەم خێزانە بەرێزەو ئاراستـەكان و خەتمەكاندا كەمتـەرخـەمی نەكات. هەر موریدێ كە دێتە ناو تەریقەتەوە فێری بنەمـاو كـەرتەكـانی دینی بكەن، وەپایەكـان و مـەرجەكـانی باوەڕهێنان و ئیسلام و نوێژو ڕۆژو تەواوی ئەركـەكـانی شـەرعی پێ ڕاست بكەنەوە، بەڵكو هەمـوو خـەلیـفـە پابەندبووەكـان بەم خێـزانەوەش بەهەمـان فـەرمان فـەرمـانپـێكراون. لەمـەودوا دڵسۆزانی ئەم خێزانە گـوفتـارو كرداری جەنابی مـەولەوی بەگـوفتـارو كرداری من بزانن و نەتوانن لە فـەرمـانی شـەرعـیـیـانەی تەواوی ئەو دەربچن. هەروەها مـۆڵەتمان پێـدا كـە هەڵـسـێت بەوانە وتنەوەی زانسـتە شەرعییەكان و خوێندنی قورئان و دەلایل و هتد...(ئەگەر خوا بیەوێت). كـاتەكـانی خۆی بەخـواپەرستی و بەندایەتی خـواو زوهدو لە خـواترسـان ئاسـوودان بكاتەوەو خـەڵكی بەتـیـــشكی وانەوتنەوەو ڕێنوێنی ڕووناكی بكاتەوە).(٦)

**پەراوێزو سەرچاوەكان:**

١- مـــەولانا خـــالیـــد یەكـــێک بووە لە قوتابییەكانی(شێخ مارفی نۆدێ) كە سەر باشقەی

ڕێبــازی قــادری بووە لە شــاری سلێـمــانی و دەورووبەریدا. کـاتێ مـەولانا خـالـید پێـدەگـات بڕوای بەو ڕێبـازە لەق دەبێت. لەبەرئەوە ڕێگای هیندسـتـان دەگرێتـەبەر لە شـاری(دەلهی) لەسـەر دەسـتی شێخ عـوبەیدوڵلادا ڕێبـازی نەقشـبـەندی وەردەگرێت و پاش مـاوەیەک بەشێـوەی خـەلیفـەی ئەو ڕێبازە دەگـەڕێتەوە سلێـمـانی. مـەولانا خـالید دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆدەبێتـەوە دەبێتە مـایەی نیگەرانبوونی قادرییەکان و ئاژاوە دروست دەبێت، کە ئاژاوەکە دەگـاتە ڕادەی خـراپ مـەولانا بەناچاری سلێـمـانی بەجێدێڵێ و ڕوو لە وڵاتی شـام دەکـات. بەمـەش کـۆتایی بەکـێشـەکـە دێت. لەم مـاوەیەدا چرای تەمەنی شێخ مـارف ڕوو لە کـوژانەوە دەبێت. پاش خـۆی کـاک ئەحـمـەدی کـوڕی جـلـەوی کـار دەگـرێتـە دەست، لەمـلاشـەوە دوای ڕۆشـتـنی مـەولانـا لە ناوچەی سلێـمـانیـدا شێخی سیراجەدین دەبێتە جێگیری و هەردوولایان ئاشـتـەواییـەکی تەواو دەکـەوێتـە نێـوانیـانەوەو کێشەکە بەیەکجاری بنەبڕ دەکرێت.

٢- سـەیید عـەبدولـەکـیمی گـەوەنتو(١٨١٤-١٨٨٩) لە سـەیدەکـانی گـوندی گـەونتـو سـەر بەپارێزگـای سنە. لە تەمـەنی فـەقـێیـەتیـدا دێتـە شاری سلێمانی و لە مزگـەوتی گەورە لە خزمەتی شێخ مارفدا خوێندن تەواو دەکات، پاش مۆڵەتی مـەلایەتی وەردەگرێ و هەروەها لە دەستی مـەولانا خـالیـددا مـوڵەتی خـەلیـفـەیەتی بەدەست دێنێ دەگـەڕێتـەوە زێدی خـۆی و سـەرگـەرم دەبێت بەکـاروباری شـەریعـەت و تەریقـەتەوە. ئەم پیـاوە زانایە شاعیرێکی باشیشەو لێرەدا پێویستە ئەوە بڵـێم کـەبەندە دیوانەکـەیم لە شـاری سنە زیندوو کـردەوە، بەڵام یەکـێک لە نەوەکـانی بەناوی(شـێخ جەمیل) بەناوی خۆیەوە چاپی کرد، ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم کـە بەشـایەتی چەندین کـەس سـاغ کـردنەوەو لێکدانەوەی ئەو دیوانە بەرهەمی منە، منیش ئەو دەمـە لە شـاری سنە ژیانم لەژێر فـشـاردابوو بۆیە نەمتوانی لەسەری بێمە دەنگ.

٣- لە ڕێبـازی تەسـەوفـدا(مـراد) یا(عـارف) بەکەسێک دەگوترێت کە بەتەواوی تژی بوو بێت لە زانسـتی خـودایی و بەهۆی زانایی خـۆی و زیکـری خـوداوە بەحـەق گـەشـتـبێ و هەر حـەوت ڕێگەکـەی گــەشتن بەحــەق بڕیبێ. ئەو حــەوت ڕێگـەیەش ئەمــــانەن(وادی الطلب، وادی العـــشق، وادی المعرفـە، وادی الاستـغـفـار، وادی التـوحـید، وادی الحیـرە، وادی الفقر و الغنی). ئەم پلەیەی شـێخی سیراجەدینیش. یەکەم بەو شیعرەدا دەردەکەوێت کە مـەولەوی بـۆی نووسـیـوەو لە سـەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان پێکرد. دووەم لەم چوارینەی شێخ خۆیدا دەردەکـەوێت کـە خـوا یار مـەلا عـەبدولکـەریم مــودەریس لە بەرگی دووەمی(یادی مــەردان)دا ل٧٣-٧٤ بڵاویکردۆتەوەو دەفەرمووێ:

**هر جاکە من و یار بەهم باز رسیبیم**
**از بیم بداندیش لبخویش گزیدیم**
**بی واسطە گوش و زبان از طرق دل**
**بسیارسخن بود کە گفتیم و شنیدیم**

واتە لە هەر کوێیەک کە من و یار دیسان بەیەک گەشتین، لە ترسی بەدخواز لێوی خۆمان گەست. بەبێ هۆی گـوێچکەو زمـان لە لایەن دڵەوە قسـە زۆر کـرا کـە گـوتمان و بیسـتـمـان، یار= خـودا. بداندیش= شەیتان.

٤- بڕوانە دیوانی مــــەولەوی. ل٣١٨-٣٢٠ چاپی سنە.

٥- هەمان سەرچاوە.ل٥٤-٥٦

٦- بڕوانە بەرگی دووەمی یادی مـەردان ل٥٢-٥٣ چاپخـانەی کـۆڕی زانیـاری بەغـداد ١٩٨٣ .